گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنیاتی وێنەی شیعری لە شیعری (مستەفا بەگی کوردی) دا

**لانه رضوان عباس**
بەشی کوردی, کۆلێژی زمان , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان
Lanaluna944@gmail.com

**پ.ی.د.جبار احمد حسين**
بەشی کوردی, کۆلێژی زمان , زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان
Jabbar.hussein@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/١٨
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٢٨
بڵاو کردنەوە بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Mustefa Beg, Kurdy, Poetic Image, Image Structure, Image Source*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.16

**پوختە**

مستەفا بەگی کوردی؛ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شیعری کلاسیکیی کوردی-دیالێکتی ناوەڕاست، بەو پێیەی دەقی شیعری لەسەر سێ بنەمای سەرەکی بنیات دەنرێت : (مۆسیقای شیعری و زمانی شیعری و وێنەی شیعری)، لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی وێنەی شیعری لە شیعرەکانیدا، لایەنێکی توانا و داهێنانی شاعیر دەخرێتە ڕوو.

بە پەیڕەوکردنی میتۆدی وەسفی و شیکاری و ئاماری، لە دوو ڕووەوە لە وێنە شیعرییەکان کۆڵراوەتەوە؛ یەکەمیان سروشت و پێکهاتەی وێنەکان و دووەمیشیان دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی شاعیر سوودی لێوەرگرتوون لە پێکهێنانی وێنەکاندا.

دیارترین ئەو ئەنجامەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەستهاتووە، سەرکەوتوویی ئەزموونی شاعیرە لە هەردوو ڕووەکەی وێنەی شیعری؛ چ لە ڕووی جۆراوجۆری پێکهاتەی وێنەکان و چ لە ڕووی فرە سەرچاوەیی وێنەکانەوە.

## 1. پێشەکی:

### 1-1 : ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :

(بنیاتی وێنەی شیعری لە شیعری مستەفا بەگی (کوردی) دا)؛ پیشاندانی یەکێک لە بنیاتە سەرەکییەکانی پێکهاتەی دەقی شیعرییە لە شیعری یەکێک لە دامەزرێنەرانی شیعری کلاسیکیی کوردیی دیالێکتی ناوەڕاست.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-1 : گرنگی لێکۆڵینەوەکە :

گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە ؛ ئەگەرچی (کوردی) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شیعری کلاسیکیی کوردیی دیالێکتی ناوەڕاست، بەڵام زۆر بە کەمی لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی کراوە .

### 3-1 : ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

دەستنیشانکردنی بنیاتێکی سەرەکی دەقی شیعرییە لە شیعرەکاندا، بە ئامانجی پیشاندانی ئەزموونی شاعیر و پێگەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.

### 4-1 : میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوی میتۆدی وەسفی و شیکاری و ئاماری کراوە.

### 5-1 : پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە :

جگە لە دەروازەیەکی تیۆری کورت لەبارەی وێنەی شیعری، لێکۆڵینەوەکە لە دوو تەوەر پێکدێت :
تەوەری یەکەم : (سروشت و پێکهاتەی وێنەکان) : تیایدا لە چەند روویەکەوە جۆری وێنە شعرییەکان بە نموونەوە دیاریکراون.
تەوەری دووەم : (سەرچاوەی وێنەکان) : لێرەدا جگە لەو وێنانەی بەرهەمی خەیاڵی شاعیر خۆیەتی، باس لەو سەرچاوانەش کراوە، کە شاعیر بۆ پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانی سوودی لێوەرگرتوون.
ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا کورتکراونەتەوە .

## 2. دەروازە :

**وێنەی شیعری :** شیعر لە کۆمەڵە بنیاتێک پێکدێت؛ یەکێک لەو بنیاتە گرنگانە کە شاعیران زۆرگرنگییان پێداوە وێنەی شیعرییە، وێنە یەکێکە لەو بنیاتە هونەرییانەی وا دەکات شیعرێکی زۆر بەهێزو کاریگەر دروست بێت. ((زاراوەی وێنە (Image) لەوشەی (Imagination) وەرگیراوە کە مانای ئەندێشە دەگەیەنێت))( مستەفا، ٢٠٠٧: ٩٥) کەواتە خەیاڵ ڕۆڵێکی سەرەکی لەپێکهێنانی وێنەدا دەبینێت ، چونکە خەیاڵ یەکێکە لەتوخمە سەرەکییەکانی وێنەی شیعری((شاعیر بەیاریدەی خەیاڵ و بەهۆی وشەوە وێنەی بیرۆکەکانی خۆی دەکێشێت، ئەو وشانەش بەشداریدەکەن لەپێکهێنانی وێنەیەکی شیعری، هەموویان وشەی ئاساییین، بەڵام لەئەنجامدا پێکهاتەیەکی نائاسایی دروستدەکەن))( حسێن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠٠٨: ٩٤) شیعر دەربڕی هەموو ئەو هەست و نەست و سۆزو خەیاڵانەیە کە لەناو ناخی شاعیر پەنگییان خواردووەتەوە، ئەمەش کاتێک شاعیرێک شیعرێک دەنووسێ زۆربەی جار ئەو شیعرە یەک پارچە بریتییە لەوێنە، لەبەر ئەوەی کە شیعرێک دەخوێنینەوە دەبینین ئەوشیعرە گوزارشت لەڕووداو یان بەسەرهاتێک دەکات، کە شاعیر تێیدا ژیاوە و ڕەنگە لەواقیعدا ڕوویدابێت، شاعیر ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە ڕاستەوخۆ ناگوێزێتەوەو وێنەی لێ دروست بکات، بەڵکو تێکەڵی خەیاڵی خۆی دەکات، تاجوانترین وێنەی لێ دروستبکات و پێشکەشی بکات، ئەم وێنەیەش ڕاستەوخۆ دەچێتە ناومێشکی خوێنەرو لێکدانەوەی بۆ دەکات و ئەو وێنانە دەهێنێتە بەرچاوی کە شاعیر باسیان دەکات. شاعیرێکی یۆنانی کۆن (سیمۆندز) دەڵێت: ((وێنە شیعرێکی بێدەنگە شیعریش وێنەیەکی دەنگدارە))( حەمە، ٢٠٠١: ٦)، چونکە هەتا لەپشت وشەکان خوازەو شتی شاراوە هەبێت، ئەوا زیاتر شیعر قوڵ دەبێتەوەو لەسادەیی و سەرپێیی دەردەچێت و گەرموگوڕ و خەیاڵاوی تر خۆی دەنوێنێت. ((ئەگەر وێنە لەشیعر بسێنینەوە شیعرەکە نامێنێت و دەتوێتەوە، بۆیە شیعر وێنەیە هەرشاعیرە بەکامێرای چاووخەیاڵ و هەستەکانی وێنەکان دەگرێت، جا شاعیری وا هەیە زوومی کامێراکەی زۆر حوکم ناکات و سەرپێی وێنەکان دەگرێت. شاعیری واش هەیە زۆر ورد دەبێتەوەو دەتوانێت بگاتە ئەودیوی سنورەکانی خەیاڵ و وێنەی وردو ناسک بگرێت کە ببێتە مایەی سەرسورمانی خوێنەرەکانی لەئاست ئەم وێنە جوانانە ڕامان وسەرسوڕمان دروست بکات))( عیسا، ٢٠٠٨: ٨)، کەواتە ئاسانترین واتای وێنەی شیعری ئەوەیە، وێنە بە وشە دروست دەبێت وخوازەو وەسف ولێکچواندن بەشداری ئەم دروست بوونە دەکەن، وێنە ڕوح و جەوهەری جەستەی شیعرە، چونکە ((وێنە دەبێتە بونیادی ناوەندی شیعر، لێرەوە دەردەکەوێت وێنەی هونەری تەنیا ئامرازێکی جوانکاری نییە، کە بتوانین بشگوێی بخەین لە کاری داهێناندا، بەڵکو وێنە بووەتە ئامرازی گەشەسەندنی ماناکان و ئاشکراکردنی بابەت و هەڵوێستەکان، بەم هۆیەشەوە وێنەکان دەبنە چنراوی شیعری، ئەویش خودی کارە هونەرییەکەیە))(بەرزنجی،٢٠٢١: ٢٩٤) کەواتە بەهۆی وێنەوە دەتوانین لایەنە شاراوەکانی شیعر ئاشکرا بکەین و داهێنانی تێدا بکەین، وێنە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی شاعیرە واتە کاتێک شاعیر شیعرێک دەنووسێت ڕەنگدانەوەی ناخی خۆیەتی یان ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە تێیدا ژیاوە، بۆنموونە شاعیرێک غەمگین و بێزار بێت، شیعرێک نانووسێت گوزارشت لە هەستێکی شادی و خۆشی بکات، بەڵکو شیعرێک دەنووسێت گوزارشت لەوحاڵەتە دەروونییە بکات کە تێیدا دەژی، جا ئەم حاڵەتە دەروونییەش بەهۆی ناخی شاعیرەوە بێت، یان بەهۆی ئەو واقیعەوە کە تێدا دەژی بۆ دروستبوونی وێنە شیعرییەکەی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی شیعری چوار کەرەستەی سەرەکی هەیە، ئەوانیش (واقیع، بیر، سۆز، خەیاڵ) ئەمانە لەیەک جیاناکرێنەوە، چونکە کاتێک شاعیرێک شیعرێک دەهۆنێتەوەو وێنەیەکی بۆ بنیات دەنێت، نابێ ئەو کەرەستانە فەرامۆش بکات، نەبوونی هەریەکە لەو کەرەستانە وادەکات وێنەکە کەم وکورتی تێبکەوێت. لەبەرگرنگی ئەم کەرەستانە بەپێویستی دەزانین بەکورتی لەبارەیانەوە بدوێین:

١- واقیع: چۆنێتی مامەڵەکردنی شاعیرە لەگەڵ واقیع، واتە ئەرکی شاعیر گواستنەوەیەکی دەقاودەقی واقیع نییە، بەڵکو دەبێت واقیع تێپەڕێنێ و وێنەیەکی نوێمان بۆبگرێ، واتە شاعیر بەچاوی خۆی واقیعمان بۆ باس دەکات نەک ئەوەی کە هەیە، چونکە کامێرای چاوی شاعیر جیاوازە لە چاوی مرۆڤی ئاسایی.

٢- بیرۆکە: شاعیر ئەو بیرۆکەیەی کە لەلای دروست دەبێت؛ پێشتر لەلای گەڵاڵە بووە یان لەبینینی شتێکەوە یان بەهۆی خەیاڵی شاعیرەوە دروست دەبێت.

٣- سۆز: کەرەستەیەکی زۆر گرنگە بۆ وێنە، چونکە خوێنەر هەر بەرهەمێک دەخوێنێتەوە (بەتایبەتی شیعر) وای لێدەکات بیورووژێنێت و چێژێکی تایبەتیی لێوەربگرێت.

٤- خەیاڵ: یەکێکە لە سەرەکیترین کەرەستەکانی وێنە، چونکە هەر خەیاڵە وا لە شاعیر دەکات ئەوەی لەلای دروست بووە بەشێوەیەکی جوان دابڕێژێتەوە، هەرخەیاڵیشە وادەکات شاعیر دوور لە لاسایکردنەوە بەرهەمەکەی بەخەیاڵێکی جوان بنیات بنێت و جیاواز بێت لەوەی لە واقیعدا هەیە.

یەکێک لەمیتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی فۆرمالیستەکان بوو، گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان بەفۆرم دەدا و گرنگی و بەهای دەقیان لە فۆرمدا چڕدەکردەوە، بەمەش ناوەڕۆکیان فەرامۆشکردبوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەم کەرەستانە زۆر گرنگن بۆیەکتری، بۆئەوەی وێنەیەکی بەهێز دروست ببێت، پێویستە ئەم کەرەستانە فەرامۆش نەکرێن.

## 2. جۆری وێنە شیعرییەکان بەپێی پێکهاتەیان:

پێکهاتەی وێنەی شیعری دەبێتە چەند جۆرێکەوە، لەخوارەوە جۆرەکانیان ڕووندەکەینەوە:

### 1.2: وێنەی تاک

مەبەستمان لە وێنەی تاک وێنەی سادەیە کە شاعیر ئەم وێنەیە لە دێڕێک یا نیوە دێڕێک دروستی دەکات، بوونیکی سەربەخۆیان هەیە لە شیعردا ، وێنەی تاک بەپێی پێکهاتەکەی بەچەند شێوەیەک

پۆلێن دەکرێت،بێگومان شێوەکانیشیان جیاوازییان هەیە لە نێوان خۆیاندا، ئێمەش لێرەدا بەم جۆرە وێنەکانمان دیاری کردووە لەشیعرەکانی مستەفا بەگی کوردی.

### 1.1.2: بەکەس کردن:

وێنەیەکی تاکە، بریتییە لە پێدانی سیفەتەکانی مرۆڤ بەو شتانەی کە مرۆڤ نین واتا ((بەکەس کردن خستنەسەری سروشتی مرۆڤ، یاخود زیادکردنی خاسییەتی ئادەمیزادە بۆ سەر ئەو شتانە، یاخود ئەو گیانلەبەرانەی کە ئادەمیزاد نین، جا ئەو شتە زیندوو بن، یاخود بێ گیان بن، ژیری بن، یا هەستی بن))(حەسەن، ٢٠٠٤: ١٤٠) شاعیر تایبەتمەندی مرۆڤ دەدات بەشتێک، ئەو شتە زۆر لەو تایبەتمەندییەوە دوورە کە مرۆڤ هەیەتی هەروەکو شاعیر دەڵێت:

چاو ئەگەر یارای ڕوانینی نەبێ، ئەمرۆ بەڵان

چاری ناچاری، دەبێ نووکی قەڵەم بێتە فیغان (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٢٥٦)

لە نیوە دێڕی دووەم شاعیر وێنەیەکی تاکی بە کەس کردنی دروست کردووە، ئەویش (دەبێ نووکی قەڵەم بێتە فیغان)، لێرەدا سیفەتێکی داوەتە پاڵ قەڵەم کە سیفەتی قەڵەم نییەو زۆر دوورە لێیەوە، چونکە قەڵەم ناگری وکاری قەڵەم نووسینە، بەڵکو ئەو سیفەتە سیفەتی مرۆڤە. لە نموونەیەکی تریشدا دەڵێت :

فەلەک تۆش عاشقی وەک من کە ئەمشەو

خەریکی ناڵە و گریە و خورۆشی (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٢١٦)

لەم وێنەیەشدا شاعیر سیفەتی ( عەشق و گریان و هاوارو ناڵە)ی داوە بە (فەلەک)، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە کار و تایبەتمەندی مرۆڤە کە عاشق دەبێت و ناڵەو گریان بۆ خۆشەویستەکەی دەکات، شاعیر بە پێدانی ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤ بە فەلەک، وێنەی بەکەسکردنی دروست کردووە.

### 2.1.2: بەگیانلەبەرکردن:

ئەمەش وێنەیەکە لە وێنە تاکەکان، ((بریتییە لە پێدانی سیفەتی گیانلەبەران بە هەموو جۆرەکانی (شیردەر، خشۆک، پۆلی باڵندەکان...هتد) بەوشتانەی کە هەڵگری سیفەتی ئاژەڵی و باڵندەیی نین))(عەزیز، ٢٠١٨: ٣٢٠) کەواتە بەگیانلەبەرکردنیش شێوەیەکە لە بەکەس کردن، بەڵام لێرەدا سیفەت و تایبەتمەندی ئاژەڵ دەدرێتە شتی تر و بە زۆریش دەدرێن بە مرۆڤ، زۆربەی جاریش بە مەبەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سوکایەتی کردن بەو کەسە بەکار دەهێنرێت. لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە کە شاعیر ئەم بەگیانلەبەرکردنەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، هەروەک دەڵێت:

کە ڕەقیب دیی؛ (من و یار) پێکەوە نیشتووین لەڕقا

وەک سەگێ پەت بکرۆژێ، دەم و لێوی دەکرۆت (حەمە بۆر، ٢٠١٠: ١٠٨)

لەنیوە دێڕی دووەمدا شاعیر (ڕەقیب)ی بە (سەگ) چواندووە کە وەکو سەگ پەت دەپچڕێنێت و لێوی دەکرۆژێت، بەم شێوەیە شاعیر وێنەی بەگیانلەبەرکردنی  لەم دێڕەدا دروست کردووە. هەروەها لە دێرێکی تردا دەڵێت:

چاوی مەستت داپۆشیوە، وێڵ و وەحشی کردووم

قەت بەقەد زەڕڕەم نەماوە عەقڵ و ئیدراک و کەماڵ (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٦٥)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر وێنەی بەئاژەڵکردنی دروست کردووە، ئەمەش بەهۆی داپۆشینی چاوی یارەوە بووە، مستەفا بەگ وشەی وەحشی بەکارهێناوە بەرامبەر بەمرۆڤ، واتا کاتێک کە یار چاوە مەستەکانی داپۆشیوە وای لە شاعیر کردووە وێڵ و وەحشی بێت، ئەمەش لەڕاستیدا کێوی بوون سیفەتی مرۆڤ نییە و سیفەتی ئاژەڵە، بەڵام شاعیر ئەم سیفەتەی داوەتە پاڵ خۆی، بەهۆی ئەم دیاردەوە وێنەی بە ئاژەڵکردنی دروستکردووە.

### 2.2 : وێنەی لێکدراو:

هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە دوو وێنەی تاک یا زیاتر لە یەک دەدرێن و وێنەی لێکدراو دروست دەکەن ((وێنەی لێکدراو ئەو جۆرە بنیاتەیە کە شاعیر بیرۆکەیەکی ئاڵۆزی پێ دەردەبڕێت))(حەسەن، ٢٠٠٤: ١٤٧) پەنا بردنە بەر وێنەی لێکدراو کاتێک ڕوودەدات، کە شاعیر نەتوانێت ئەوەی لەناخی دایە بە یەک وێنەی تاک و سادە دەریببڕێت، ناچار دەبێت بە چەند وێنەیەکی تاکی لێکدراو بیرو خەیاڵ و هەستەکانی خۆی بنیات بنێت.

دوو بنیاتی وێنەی لێکدراو هەیە، هەوڵدەدەین نموونەیان لە شیعرەکانی مستەفا بەگدا بۆ بدۆزینەوە.

### 1.2.2 : لێکچواندنی لێکدراو

هەر لەناوەکەیەوە دیارە کە یەک شت بە چەند شتێک دەچوێنرێت، ((وێنەی لێکدراو لە سەر بنچینەی وێنە کێشانی سیفەتی جۆراوجۆری یەک وەسف کراو بنیات دەنرێت))( حەسەن، ٢٠٠٤: ١٤٩) کەواتە یەک لێچووومان هەیە و لەبەرامبەریدا چەند لەوچوویەکمان هەیەو سیفەت و جۆراوجۆری ئەو

شتەمان بۆ ڕونتر دەکاتەوە، شاعیر ئەم دێڕانەی خوارەوەی لەسەر بنەمای لێکچواندنی لێکدراو بنیات ناوە:

تووشی یارێ هاتووم سەححار و دوزد و حیلەباز

تورک ڕەفتار و تەبیعەت کافر و سۆفی نوما (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٢٥)

شاعیر لەم دێڕەدا (یار)ی بە کۆمەڵێ شت چواندووە، کە هەر یەکە لەوانە سیفەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، واتە وشەی (یار) لێچووە، لەوچووش کۆمەڵێ وشەی ترن وەکو وشەکانی (تورک ڕەفتار، کافر، سۆفی) واتا یەک لێچوومان هەیە بەرامبەر بە سێ لەوچوو، هەر یەکە لەو وشانە لە پاڵ وشەی (یار) دابنێین مانایەکی تەواومان دەداتێ، بەم شێوەیە شاعیر وێنەی لێکچواندنی لێکدراوی دروست کردووە، کەواتە یار لێچووە، وشەکانی (سەححار و دزود و حیلەباز) ڕووی لێکچوونن بەشێوەی یەک لەدوای یەک، واتە لەجوانیدا وەک تورک جادووباز و وەک کافر دز (دڵی دزیوە) و وەکو سۆفی فێڵبازە.

پەرچەمی چەشنی پەڕی تاووس کە دەدرەوشێتەوە

هێندە نەرم و خاوە وەک ئاوریشمە یا تووکی قووە (ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٧٨)

شاعیر لەم دێڕەدا پەرچەمی یاری بەچەند شتێ چواندووە واتە (پەرچەم) لێچووە، لەوچووەکانیش (پەڕی تاوس، ئاوریشم، تووکی قاز)، مستەفا بەگ ویستوویەتی درەوشە و نەرمی قژی یارەکەیمان پیشان بدات، بۆیە بەو سێ شتە چواندوویەتی و وێنەی لێکچواندنی لێکدراوی بۆمان کێشاوە، واتە هەر یەک لەو وشانە، یاخود ئەو وشە لەوچووانە بخەینە پاڵ وشەی پەرچەم سیفەتێکی تایبەتی دەداتێ. لە دێڕە شیعرێکی تردا دەڵێت:

لە تاو ئاسکۆڵە ڕەوتەی چاو شەهێنم

دڵ ئاهـ خواز و چاو بێ نوورە ئەمشەو (ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٢٨)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا دوو وێنەی تێدایە، وێنەی یەکەم (ئاسکۆڵە ڕەوتەی)، لێرەدا یار لێچووە و ئاسک لەوچوو، بەڵام لە شێوەی خواستندا هاتووە، شاعیر دەڵێت: لەتاو ئەو یارەی کە وەک ئاسک بە لەنجەولار دەڕوات. لە وێنەی دووەمدا (چاو شەهێن) شاعیر چاوی خوشەویستەکەی بە چاوی باڵندەی (باز) شەهێن چواندووە، لێرەدا چاوی یار لێچووەو چاوی شەهێن لەوچووە، واتا چاوی یارەکەی هێندە جوان بووە وەکو چاوی باز بووە، هەردوو وێنە تاکەکە پێکەوە تەواوکەری یەکن و وێنەیەکی لێکدراویان دروستکردووە بۆ بەرجەستەکردنی جوانی یار.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2.2.2 :کەڵەکەبوونی وێنە (هێشووە وێنە)

جۆرێکی ترە لە جۆرەکانی دروست بوونی وێنەی لێکدراو، کەڵەکە بوونی وێنەش لە ڕەخنەی نوێدا پێی دەگوترێت (هێشووە وێنە)، کەڵەکەبوونی وێنە ((بەهۆی خواستنی تابلۆی شیعری و واتای داواکراو و بیرۆکەی گونجاوەوە دروست دەبێت))( عبید،١٩٨٩: ١٤٣) شاعیر دوو وێنە یا زیاتر دەهێنێت و وێنەیەکی لێکدراوی هێشوویی دروستدەکات، یاخود دەتوانین بلێین چەند وێنەیەکی تاک لە تەنیشت یەک کۆدەبنەوەو وێنەیەکی لێکدراوی کەڵەکەبووی لێ دروست دەبێت. لە خوارەوە هەندێ نموونە لە شیعرەکانی شاعیر دەهێنینەوە کە لەسەر ئەم بنەمایە بنیات نراون.

عیللەتی بێ ئیلتیفاتیی تۆیە ناڵەی سۆزشم

باعیثی شەرمی گوڵە؛ بولبول کەوا: (زاری دەکا) (حەمە بۆر، ٢٠١٠: ٦١)

لە نیوە دێڕی دووەم دوو وێنەی تێدایە، لە وێنەی یەکەمدا (شەرمی گوڵە) وێنەیەکی تاکی بەکەس کردنە، چونکە سیفەتی (شەرم) کە دراوەتە پاڵ (گوڵ)، لە ڕاستیدا سیفەتی مرۆڤە نەک گوڵ،هەروەها (بولبول کەوا زاری دەکا)، بەهەمان شێوە وێنەیەکی تاکی بەکەس کردنە، چونکە کاری بولبول گریان نییە، بەڵکو بولبول کاری چریکاندنە بەدەنگێکی خۆش، گریان کاری مرۆڤە نەک بولبول، کەواتە ئەم دوو وێنەیە لەبەرامبەر یەکترین، بەجۆرێک کە گوڵی بەرامبەر یار داناوەو بولبولیشی بەرامبەر بەخۆی واتە لێرەدا لێکچواندنێکی ناراستەوخۆی بەکارهێناوە، بۆیە مەبەستی شاعیر ئەوەیە لە بێ مەیلی یارەکەیەتی دەگری و هاوار دەکات، ئەم دوو وێنە تاکە پێکەوە تەواوکەری یەکن و وێنەیەکی لێکدراوی کەڵەکەبوو (هێشوویی) دروست دەکەن. لەدێرێکی تردا دەڵێت:

بەڕوو ڕۆژە، بەزوڵفی شەو، مەمی لام جووتێ لیمۆیە

زەقەن وەک سێوی لاسوورە، بەخوو هەردەم هەواییکە(ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٦٨)

ئەم وێنەیە وێنەیەکی کەڵەلەبووەو لەسەر بنیاتی لێکچواندن دروست بووە، شاعیر ڕووی یاری بە ڕۆژ چواندووە لە ڕوناکیدا، زوڵفی بە شەو چواندووە لە ڕەشیدا، هەردوو مەمکی بە لیمۆ چواندووە لەشێوەیدا، چەناگەی بە سێوی لاسوورە چواندووە لە سووری و خڕێتیدا، ڕەوشتی بە هەوا(ئارەزوو) چواندووە کە هەر جاری بەجۆرێ دەگۆڕێ، کەواتە ئەم دێرە شیعرە پێنج لێکچواندنی تێدایە، بۆیە بە وێنەیەکی کەڵەکەبوو دادەنرێت.

**3.2 : وێنە لە رووی جوڵەوە :** دوو جۆری هەیە :

**1.3.2 :وێنەی وەستاو**

ئەو وێنەیەیە کە لە بارێکی وەستاو و جێگیر دایە، هیچ جموجوڵێکی تێدا بەدی ناکرێت، بەردەوام وا هەست دەکەیت لە بەردەم تابلۆیەک ڕاوەستاویت و هیچ جووڵەو بزاوتنێک بە چاوی وەرگر نابەخشێت، تەنیا یەک دیمەن لە بەرچاوی تەماشاکەر یا بینەر دووبارە دەبێتەوە ((گەلێ جار کرداری ناو ئەم وێنانە لە ڕووی چەندێتییەوە زۆرە و هەندێ جاریش کەمە، چونکە لە ڕووی چۆنێتییەوە یان بێ هێزن، یاخود کردارەکان واتای سەقامگیری و جێگیر بوونیان تێدایە، بۆ نموونە وەستان، چەقین، نووستن...هتد))(کەریم،٢٠١٢: ٢٨١-٢٨٢)، کەواتە ئەو کارانە بێ هێزن توانای ئەوەیان نییە وێنەکە لە باری وەستانەوە بکەنە باری جولاو، پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین کاتێ دەڵێین وێنەی وەستاو مانای ئەوە نییە کە هیچ جووڵەیەکی تێدا نییەو لە هەموو لایەکەوە وەستاوە، بەڵکو وێنەکە هەر لە یەک مەودای دیاریکراودا گەشەی کردووەو زیاتر پەرەی نەسەندووە، هەروەک (سەردار ئەحمەد) دەڵێت: ((هیچ دیاردەیەک نییە کە جوڵانەوەی تێدا نەبێت هەموو شتێک لە ناو جوڵانەوە ساکنە. وێنەی شیعریش ئەگەر وەستاویش بێت تەنیا لەئاستێکدا وەستاوە، لە سەر ئاستی شیعرەکەدا وەستاو نییە، چونکە هاوبەشە لە بنیاتنانی شیعرەکەدا))(٢٠٠٤: ٢١٥)، کەواتە لێرەدا شاعیر زیاتر پشت بە دیاردەی وەسف کردن دەبەستێت و کردار کەم بەکاردەهێنێت، لێرەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو وێنە وەستاوانەی کە شاعیر دروستیانی کردووە. بۆنموونە:

گوڵ بەدەن، سیمین زەقەن، خەط یاسەمەن، فندق دەهەن،

ئەسمەرەی، قەد عەرعەری، ناز و، نەزاکەت، دارەکەم. (حەمە بۆر،٢٠١٠: ٣٥٠)

وێنەیەکی وەسفی وەستاوە شاعیر تەنیا وەسفی یارەکەی دەکات و هیچ هەست و سۆزێکی خۆی ناخاتە سەر وەسفەکە، کەواتە لەم وێنەیەدا شاعیر باسی یارەکەیمان بۆ دەکات و هیچ جووڵانەوەیەکی تێدا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی شیعرەکە جووڵاوە.

لە دووریی تۆ بەمەرگ ئاواتەخوازم

کە جەستەم خەستە و دەردینە بێ تۆ(ئاسۆ،٢٠٢٠: ١١٥)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی وەستاوی دروست کردووە، باسی حاڵەتی دەروونی خۆیمان بۆ دەکات کە لە دووری خۆشەویستەکەی ئاوات بەمەرگ دەخوازێ و بەبێ ئەو هەموو جەستەی برین و ماندووە. بەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باسکردنی حاڵەتە دەروونییەی خۆی هیچ جووڵانەوەیەکی بە وێنەکە نەداوە، بۆیە لەو خولگەیە زیاتر تێناپەرێ و گەشە ناکات.

## 2.3.2 :وێنەی جولاو

پێچەوانەی وێنەی وەستاوەو بەردەوام جموجۆڵی تێدایەو مرۆڤ هەست بە گەرموگوڕی وێنەکە دەکات، هەر جووڵەشە گیان دەخاتە بەر وێنەو لە وەستان ڕزگاری دەکات و دەیژێنێتەوەو بەردەوامی پێ دەبەخشێت، کەواتە وێنەی جولاو وێنەیەکە ((بەردەوامی تێدایەو تیشکە واتاییەکانی هەرگیز ناوەستێ))(ئەحمەد،٢٠٠٩: ١٦٤) وێنە زادەی ئەندێشەی قووڵ و فراوانی شاعیرە چێژێکی زۆر بەخوێنەر دەبەخشێت، خوێنەر کاتێ ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە هەست بەزیندوویەتی وێنە شیعرییەکە دەکات، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ئەم جووڵانەوەیە یاخود ئەم چێژبەخشینەی، کە خوێنەر لەوێنە شیعرییەکان وەری دەگرێت هەمووی بەهۆی کردارەوەیە، چونکە کردار ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جولانەوەی وێنەکان هەروەکو (یوسف الصائغ) دەڵێت: ((گرنگیدان بە کردار دیارترینی ئەو لایەنەی وێنەیە، لەبەر ئەوە گرنگیدان بەکردار ڕووی دیاری وێنەی جووڵاوە، هەژاری وێنە لەڕووی کردارەوە، بێگومان توانای جووڵەی لێ دەسێنێتەوەو جۆرە وەستانێکی پێ دەبەخشێت))(١٩٧٨: ١٨٤)، کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کردار ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جووڵانەوەی وێنەی شیعری، دەتوانرێت بکرێتە خاڵێکی زۆر گرنگ بۆ جیاکردنەوەی وێنەی وەستاو لە وێنەی جووڵاو. لەخوارەوە هەندێ وێنەی جووڵاو لە شیعرەکانی مستەفا بەگی ساحێبقران دەست نیشان دەکەین.

هەوری میحنەت، بارشی ماتەم دەبارێنێ بە جۆش
بای جەفا، دێ خێوەتی کەیفی دڵم، هەڵنادرێ (ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٥١)

لێرەدا شاعیر بەهۆی چەند فرمانێکەوە جووڵەو بزاوتن بە وێنەکە دەبەخشێ، فرمانەکانی (دەبارێنێ، دێ، هەڵنادرێ) ئەم فرمانانە وێنەکە دەخەنە باری جووڵاو بەردەوامی بە وێنەکە دەدەن، چونکە ئەم کارانە وا دەکەن وێنەکە لە باری وەستاو لابەرن و بیکەنە جووڵاو، وەکو پێشوو تر ئاماژەمان پێ کرد کار (کردار) ڕۆڵێکی سەرەکی، یاخود گرنگ دەبینێ لە جووڵانەوەی وێنەکان. لەدێڕێکی تردا:

مـــــن ئەوا بۆ هەجویی پیرێژن دڵم کەوتە فـــڕین
با بکەم هەجوی، کە واتە: قەت نەکەم تەقسیر لەقین(ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٠٩)

فرمانەکانی (فڕین، قەت نەکەم) جۆرە جووڵانەوەیەک بە وێنە شیعرییەکە دەدەن، لەدێڕی یەکەم دا لەسەر بنەمای لێکچواندن وێنەکەی دروست کردووە، واتا دڵی شاعیر وەک باڵندە دەفڕێت، ئەم فڕینە وێنەیەکی جووڵاوی دروست کردووە.

## 4.2 : جۆرەکانی وێنە لەڕووی هەستییەوە

### 1.4.2 :هەستی بینین

بینیین لە سەرووی هەموو هەستەکانی ترەوە دێت، ئەم جۆرە وێنەیە لای شاعیرانی کلاسیک و نوێ پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و گرنگییەکی زۆریان پێداوە، وێنەی هەستیی بینین بناغەیەکی زۆر گرنگە بۆ داهێنانی شیعری شاعیر، چونکە ڕۆژانە سەدان شت دەبینێت و لە خەیاڵیدا دەمێنێتەوەو پەنگ دەخواتەوە، تا لە کۆتاییدا ئەوانەی بینیویەتی تێکەڵی خەیاڵیان دەکات و بەشێوەیەکی جوان بە وشە دایدەڕێژێت و وێنەی هەستیی بینینی لێ دروست دەکات، مستەفا بەگ لەم نموونانەی خوارەوە وێنەی هەستیی بینین دروست دەکات و دەڵێت:

ئەو دوگمە و دۆڵابە، قفلێکی چ نایابە

بۆ گەنجی گوهەرسەنجی، زیوین و تەڵای قاڵت(ئاسۆ،٢٠٢٠: ٣٦)

ئەم وێنەیە بەر هەستی بینین دەکەوێ، لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین شاعیر چەند بەجوانی باسی ئەو دیمەنەمان بۆ دەکات کە چۆن یارەکەی دوگمە و دۆڵابی کردووەتە قەد خۆی (دوگمەو دۆڵاب نەریتێکی کوردەوارییە کە ئافرەتان بۆ ڕازاندنەوەی جل و بەرگی کوردی بەکاری دێنن، یا لە هێلەک و سەڵتە دەدرێت، یا خود لە کەوا دەدرێت) ئەو دگمەو دۆڵابە لەشولاری (ئافرەت) ڕیک دەردەخات، هەروەها ئەو دوگمەو دۆڵابە بۆتە قوفلێک بۆ پارێزگاری کردن لەگەنجینەی لەشولاری یار، کە وەکو گەنجینەی گەوهەر و زێڕ وزیوە، بۆیە شاعیریش بەو جۆرە باسی کردووە. لەدێڕێکی تردا باسی دڵی یارمان بۆداکات بۆنموونە:

ڕووی هەزار داد و فیغانی تێ دەکەم لێم نابیەت

سەنگدڵ، ئاخر بەحاڵی من، تەرەحوم کەی دەکا؟ (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٤٤)

شاعیر لێرەدا وێنەیەکی جوانی لێکچواندنی کێشاوە، کە دڵی یارەکەی بە بەرد چواندووە و خۆیشی هەزار داد و هاوار دەکات لە دەستی یارەکەی، کەچی ئەو ئەوەندە دڵی ڕەقە نایبیسێ، بەمەش وێنەیەکی هەستی بینین دروست بووە.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


### 2.4.2: هەستی بیستن

هەموو ئەو وێنانە لەخۆدەگرێت کە لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە هەستی پێدەکەین، جا دەنگەکە دەنگێکی خۆش و ئاشنا و پۆزەتیف بێت؛ وەک (نەغمەی بولبول، گۆرانی، مۆسیقا ...)، یاخود دەنگێکی ناخۆش و نائاشنا و نێگەتیف بێت؛ وەک دەنگی (گریان،ناڵەی جودای، ژاوە ژاو ...)، کوردی وەکو شاعیرانی تری کلاسیک گرنگی و بایەخی بەم جۆرە وێنەیە داوە، لەخوارەوە چەند دێرێک بە نموونە وەردەگرین، کە وێنەی هەستی بیستنیان تێدایە، لە دێرێکدا مستەفا بەگ باسی کاتی دوورکەوتنەوەی خۆشەویستانی دەکات، واتا باسی دوور کەوتنەوەی بنەماڵەی بابان دەکات:

سەدای تەپڵی فیراقم دێتە گوێوە
سەعاتی نەحسی بێدارانە ئەمشەو (ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٤٢)

لێرەدا شاعیر زۆر بەجوانی وێنەی ئەو دوورکەوتنەوەی کێشاوە، بۆ ئەم مەبەستەش وێنەیەکی لێکچواندنی دروست کردووە، دووری خۆشەویستانی بە دەنگی تەپڵ چواندووە، واتە وەکو چۆن دەنگی تەپڵ دەبیستێت، ئاوا هەواڵی دوورکەوتنەوە یاخود جیابوونەوەی ئازیزان دەبیستێت، بەمەش وێنەی هەستی بیستن دروست دەبێت، چونکە وشەی (سەدای تەپڵ) دەبیسترێت و بەر گوێ دەکەوێت.

### 3.4.2: هەستی بۆنکردن

جۆرێکی تری وێنەی هەستییە کە لە ڕێگەی (هەستی بۆنکردنەوە) دەرکی پێ دەکرێت، جا ئەم بۆنە چ بۆنی کەباب بێت یا سوتانی جەستە بێت یابۆنی عەترو گوڵاو بێت، هەروەک شاعیر دەڵێت:

من بەناری سینە جەرگم بۆی کەباب کردووە و دەڵێ:
"کوردی" زۆر چاکە کەبابت، ئاخ چ فایدە بۆکزە(ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٥٦)

ئەم وێنەیەی کە شاعیر دروستی کردووە وێنەیەکە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت، چونکە هەر یەک لە وشەکانی (کەباب ،بۆکز) بە هۆی لووتەوە بۆن دەکرێت، شاعر وێنەیەکی لێکچواندنی دروست کردووە لە نێوان ( بۆنی برژان و سووتانی) جەرگی خۆی لەگەڵ کەباب، واتا جەرگی ئەوەندە برژاوە لە دووری خۆشەویستەکەی، کەچی ئەویش ئەوەندە بێ منەتە لێی دەڵێت فایدەی چییە جەرگت کە وەکو کەباب برژاوە بۆنی کزەی دێت. لەدێرێکی تریشدا باسی یارمان بۆ دەکات و دەڵێت:

کەی نیگارە؟ گوڵ ئەگەر، بۆ بێن و جوانی و نازکی؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەشنی ئەندامی نەبێ و وەک خاری چەشتەی ژار نەبێ؟(ئاسۆ،٢٠٢٠:  ١٩٦)

ئەم وێنەیە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت، شاعیر لێکچواندنی دروست کردووە لە نێوان یار و گوڵ، ڕووی لێکچواندنەکەش لە بۆن خۆشیدایە، واتا شاعیر مەبەستی ئەوەیە بڵێت: یار ئەو یارەیە وەکو گوڵ بێت لە بۆن خۆشیدا، بێگومان دەزانین کە گوڵ بۆنێکی خۆش و تایبەتی هەیە، شاعیریش یاری بە گوڵ چواندووەو وێنەکەی پێ دروست کردووە.

## 4.4.2 :هەستی چەشتن

ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی چەشتنەوە هەستی پێدەکەین، واتا لەڕێگەی تامکردنەوە دەبێت، ئەم تامکردنەش دەشێت تاڵ بێت وێنەی زەهری مار یا شیرین بێت وێنەی شەکرو نەبات یا تفت  یا تورش ...هتد، واتا کاتێک چاومان بەو وشانە دەکەوێت کە مانای تام بەخشینیان هەیە یەکسەر هەست بەو جۆرە تامە دەکەین، بەڵام مەرجە وێنەی لێوە دروستکرابێت، لەم دێرەدا مستەفا بەگ باسی نەهاتنی یارەکەیمان بۆ دەکات دەڵێت:

شکاندی قیمەتی شەککەر، نەباتی لێوی شیرینت
گەیاندییە مەریەمەی مەریەم خەیاڵی ڕووی نیگارینت(ئاسۆ،٢٠٢٠: ٥٢)

ئەم وێنەیە بەر هەستی چەشتن دەکەوێت، چونکە وێنەیەکی لێکچواندنی جوانی دروست کردووە، ئەویش ئەوەیە کە لێوی یاری بە نەبات چواندووە، بێگومان نەباتیش شیرینە، واتا شاعیر مەبەستی ئەوە بووە کە لێوی یار وەک نەبات شیرینە و لە شیرینیدا شەکری تێپەڕاندووە .

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕۆحی شیرینم نەهات
زەخمی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات(ئاسۆ،٢٠٢٠: ٣٣)

ئەم وێنەیەش بەر هەستی چەشتن دەکەوێت، چونکە وشەی (ژەهر) لەناوەکەی دیارە کە تاڵەو هەست بەتامەکەی دەکەین، شاعیر وێنەیەکی شیعریی بەشێوەی خواستن پێکهێناوە و دەڵێت: چاوەڕوانی دیداری یار وەکو ژەهری مار تاڵ بوو، بەڵام گیانم دەرنەهات (یان یارم هەر نەهات)، زامی کۆنم هاتە ئێش و مەرهەمی برینم کە یارە نەهات.

## 5.4.2 : هەستی بەرکەوتن

یەکێکی تر لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ هەستی بەرکەوتنە، ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی دەستلێدان و بەرکەوتنەوە هەستی پێ دەکەین وەک ( ساف، زبر، گەرم، سارد، ڕەق، نەرم ...) لەخوارەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەند نموونەیەکی وێنەیەی هەستی بەرکەوتن دەهێنینەوە، کە شاعیر بەشێوەیەکی جوان دروستی کردووە، کوردی دەڵێت:

بۆ قەتڵی منی خەستە، موژەت هەر وەکوو تیرە

ئەی من بەفیدای تیری نیگای پڕ خەتەرت بم(ئاسۆ،٢٠٢٠: ٧٠)

ئەم وێنەیەش بەر هەستی بەرکەوتن دەکەوێت، چونکە وشەی (تیر) و تیژییەکەی بەرهەست دەکەوێت، شاعیر لەم وێنەیەدا برژانگی یاری بە تیر چواندووە، واتا مەبەستی ئەوە بووە کە بڵێت: برژانگی وەکو تیر تیژە بۆ کوشتنی منی ماندوو(برژانگی ئەوەندە تیژە زوو دەیکوژێت)، یاخوا من بەقوربانی ئەو برژانگە بم کە وەکو تیر تیژە.

## 3 :سەرچاوەکانی وێنەی هونەری

مەبەست لەسەرچاوەی وێنە ئەوەیە، ئایا شاعیر لە پێکهێنانی ئەو وێنە شیعرییەدا سوودی لەسەرچاوە مەعریفییەکان وەرگرتووە، یان بەتەنیا داهێنانی خودی خۆیەتی؛ لەم ڕووەوە دەتوانین سەرچاوەکانی وێنەی شیعری بکەینە دوو لقەوە:

### 1.3 : سەرچاوەی خودی

ئەو جۆرە وێنانە دەگرێتەوە کە بەرهەمی داهێنراوی خەیاڵی شاعیر خۆیەتی و لەپێکهێنانی وێنەکەدا سوودی لە هیچ سەرچاوەیەکی تر وەرنەگرتووە. واتا ناخی شاعیر وێنەی جۆراوجۆرمان پێ دەبەخشێت، سەرچاوەی خودی پشتی بە ئەزموونی شاعیر بەستووە، ئەزموونیش ((وێنەیەکی تەواو دەروونییە، یاخود گەردوونییە کە شاعیر لەو کاتەی کە بیر لەمەسەلەیەک لەمەسەلەکان دەکاتەوە؛ دەیکێشێت))(هلال،١٩٨٢: ٣٢٢) واتە واقیعیش کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوونی وێنە خودییەکان تێکەڵی هەست و سۆزی شاعیر دەبن و دواتر بەشێوەیەکی هونەریانە و جوان دەریان دەبڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەرچەندە شاعیر ڕۆشنبیرتر بێت و فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەند تر بێت ئەوەندە لە پێکهێنانی وێنەی خودی سەرکەوتوو تر دەبێت، بێگومان سەرچاوەی خودی لەشاعیرێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئاستی ڕۆشنبیری و لێهاتوویی شاعیران وەک یەک نین، (نزار قەبانی) دەڵێت: ((من لەسەر قەراغی کاغەزەکە دادەنیشم چاوەڕوانی ماسی تازەی ڕەنگاو ڕەنگ و جۆراوجۆر و فرە قەبارە ئەکەم، بەڵام ئەو ماسیانەی کە ڕاوم کردوون سەرنجم ڕاناکێشێت، چونکە

هەوێنی سەرسامی و هەژانیان تێ نەماوە))(٢٠٠٠: ٢٠٤)، کەواتە شاعیر دەبێت هەردەم چاوی لە دۆزینەوەی وێنەی شیعری نوێ بێت و ئەو وێنانە دووبارە نەکاتەوە کە پێشتر بەکاریانیهێناوە، چونکە ئەگەر وابێت ناتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەو پێیە دەبێت هەمیشە لە دۆزینەوەی وێنەی نوێ پێشەنگ بێت، مستەفا بەگیش شاعیرێکی بەتواناو بە ئەزموونە لە داهێنانی وێنەی نوێی شیعریدا چەندین وێنەی شیعری کێشاوە کەسەرچاوەکەی خودی خۆیەتی بۆنموونە:

تا کە لێم دوورە خەتی ڕەیحانی ڕووی گوڵڕەنگی تۆ

کوێر بم ئەر بێم سەیری ڕەیحانە و گوڵی شەستپەڕ بکەم (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٩٥)

ئەم دێرە هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرە کە بۆ یارەکەی نووسیوەو پێی دەڵێت: من هەتا ڕوخساری تۆم هەبێت کە وەکو گوڵە و لێو و زوڵفی تۆ شک ببەم، یاخوا کوێر بم ئەگەر سەیری گوڵێکی تر بکەم ، واتا جگە لە یارەکەی سەیری کەسی تر ناکات. هەر وەکو لەسەرەوە لە بارەی وێنەی خودییەوە ئاماژەمان پێکرد، دەبێت وێنەی خودی خۆی دایهێنابێت و لە کەسی تری وەرنەگرتبێت و پێش ئەو نەوترا بێت؛ لەو نموونەیەی سەرەوەدا ڕاستە چواندنی ڕووخساری یار بە گوڵ وێنەیەکی باوە، بەڵام لێرەدا جۆری گوڵەکە دەستنیشان کراوە، کە گوڵی شەستپەڕە، لە زۆر وێنەی تریشدا زوڵف بە گوڵی ڕێحانە چوێنراوە بەڵام لەم وێنەیەدا ئەو مووە وردانەی لە دەوری لێوی یارە بەڕێحانە چوێنراوە.

لەوێنەیەکی تردا دەڵێت:

وا؛ لە کانی ساوە، وەک گوڵ تۆقەنێ کیژ دێنە خوار

تاق و واز، پۆلێ قولنگ و قاز، بە ڕیز بەستیان قەتار(حەمە بۆر،٢٠١٠: ١٣١)

لێرەدا شاعیر باسی ئەو دیمەنەمان بۆ دەکات کە چۆن کۆمەڵێک کچ لە کانی ساوە دێنە خوار، هەروەها وەسفیان دەکات دەڵێت: لەکانی ساوە کۆمەڵێک کچ وەک گوڵ یەک یەک و دوو دوو دێنە خوار وەک قازو قولینگ (قازو قولینگ باڵندەیەکە گەرمیان و کوێستان دەکەن)، واتا ئەو کۆمەڵە کچەی بە قولینگ و قاز چواندووە، هەروها چۆن مەل لە ئاسمان ڕیز دەبەستن ئەمانیش ئاوا ڕیزیان بەستووە؛ لێرەش لێکچواندنی دروست کردووە، بێگومان ئەم وێنەیەی کە شاعیر دایڕشتووەو بووە بە هەوێنی شیعرەکەی، ڕەنگە ئەم دیمەنەی بینیبێت کە چۆن کچەکان هاتوونەتە خوارێ، یاخود نەیبینی بێت لە ڕێگەی خەیاڵەوە دایڕشتبێت.

وەک دوڕڕ و عەقیق نەخشە، ددان و لەبی ئاڵت

هەروەک بەڕەزا پەخشە، ئەگریجە لەسەر شانت (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٤١)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شاعیر ئەم دێڕە شیعرەی لەسەر بنەمای لێکچواندن دروستکردووە، وەسفی خۆشەویستەکەی کردووە، ددانی بە دوڕ کە بەردێکی سپییە و لێوی بە عەقیق کە بەردێکی سورە چواندووە، هەروەها زوڵفی ئەوەندە جوانە لەو گیایە بەهارییە دەچێت (بەرەزا) کەلە نێو تاشە بەردەکان سەوز دەبێت، کەواتە ئەم وێنەیە داهێنراوی خۆیەتی و ڕەنگدانەوەی سروشتی کوردستانە لەناو خەیاڵی شاعیردا.

شاعیر زۆر دەردی دووری و فیرقەتی چەشتووە بۆیە دەڵێت:

قەت مەڵێن یاران لەگەڵ فیرقەت وەرە سازش بکە

شێت نەبووم وەک پەششە خۆم هاوتووشی بای سەرسەرِ بکەم (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٩٦)

ئەم دێڕەی لە سەر بنەمای لێکچواندن بنیاتناوە، لە قوڵای ناخی شاعیرەوە ئەم وێنەیە دروست بووە، چونکە زۆر بێزار بووە لە غوربەت و دووری بۆیە دەڵێت: هاورێیان هەرگیز مەڵێن وەرە خۆت بگونجێنە لەگەڵ غەریبی و دووری، چونکە غەریبی وەک بای کوشندە وایە و منیش وەک مێشولەیەکم لەناوم دەبات، ئەم دوو وێنە تاکەی کە وێنەیەکی شیعری لێکدراویان لێ دروست بووە، وەکو وێنەی تاک و وێنەی لێکدراویش، بەرهەمی داهێنراوی خەیاڵی شاعیر خۆیەتی و دووبارەکردنەوەی وێنە باوەکانی شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی نییە.

## 2.3 : سەرچاوەی بابەتی

هەموو سەرچاوەکانی وێنەی شیعری دەگرێتەوە، جگە لە سەرچاوەی خودی، کە تەنیا بەرهەمی خەیاڵی شاعیر خۆیەتی، کەواتە سەرچاوەی بابەتی زۆر فراوانە هەروەک (د. یوسف مراد) دەڵێت: ((ئەگەر هاتوو شاعیر، ئەدیب، هونەرمەند، ڕۆشنبیرییەکی فراوانی هەبێت، لە کۆکردنەوەو وەرگرتندا کۆششی بە ئەقڵی کردبێت و زەمینەی بۆ خۆش کردبێت، ئەوا شاکاری هونەری نەمر دادەڕێژێت و هەرچەندیش ڕۆژگار بێت و بچێت جوانی و نایابی خۆیان لە دەست نادەن، بەڵکو جوانییەکی زیاترو زیاتری دەبێت))(١٩٤٨: ٢٤٢)، واتە شاعیر دەبێت ڕۆشنبیرییەکی باشی هەبێت و ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی بێت، تاوەکو بتوانێت وێنەیەکی بابەتی بەهێز بنیات بنێت، بۆ ئەم مەبەستەش وێنەی بابەتی پانتاییەکی فراوان داگیردەکات، چونکە سەرچاوەی نەتەوایەتی بەهەموو جۆرەکانییەوە، هەروەها سەرچاوەی ئاینی و سەرچاوەی سروشت و واقیع... هتد دەگرێتەوە. لەخوارەوە هەوڵدەدەین هەندێک لەو سەرچاوانە باس بکەین، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.2.3 : سەرچاوەی کەلەپووری میللی

هەموو بەرهەمە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکان دەگرێتەوە، کە پشتاو پشت بۆمان ماونەتەوە، وەک (پەند، داستان، ئەفسانە، حەکایەت...هتد)، شاعیرانی کۆن و نوێ سوودێکی زۆریان لە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە و وێنەی شیعریی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ئەم بەرهەمانەیان لە فەوتان ڕزگار کردووە، چونکە لە ناو شیعرەکانی خۆیاندا زیندوویان کردووەتەوە، هەروەها گرنگیدانی شاعیران بە بەرهەمی فۆلکلۆری گەلەکەیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو شاعیرە زۆر ئاگاداری کەلەپوری خۆی بووەو پشتگوێی نەخستووە، ئەدەبی فۆلکلۆر هەموو میللەت خاوەنێتی، بۆیە لەم بارەیەوە (گۆرکی) دەڵێت: ((لەڕووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسووف وشاعیر میللەت خۆیەتی، هەر ئەویش بەرهەمهێنەرو خوڵقێنەری ئەو هەموو هۆنراوەو داستانەیە کە لە کەڵچەری جیهاندا هەیە))(ڕەسووڵ،٢٠١٠: ١٢) بێگوومان کەلەپووری میللی بووەتە پردێک لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا، واتا ئەم دوو زەمەنەی بەیەک بەستووەتەوەو وای کردووە لەئێستادا ئاگاداری ڕابردووی نەتەوەکەمان بین.

(مستەفا بەگ)یش سوودی لەبەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆری بینیوە، وەکو سەرچاوەیەک ئاوێتەی وێنە شیعرییەکانی خۆی کردووە، لەخوارەوە باسی هەندێ لەو بەرهەمە ئەدەبییە فۆلکلۆرییانە دەکەین کە (کوردی)ی شاعیر سوودی لێیان بینیوە.

### ١- پەندی پێشینان

بەرهەمێکی ئەدەبی فۆلکلۆرییە، سەرەتای پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی کۆمەڵ، لە چەند وتەیەکی کورت ومانادار پێکهاتووە و خاوەن مۆسیقایەکی تایبەت بە خۆیەتی (( پەندی پێشینان بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە، بەرزی و جوانی زمان، لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و فەلسەفی ژیانی گەلی کوردمان بۆ دەردەخات))(ابراهیم،٢٠٠٥: ٢٩) نەتەوەی کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی دونیا خاوەن پەندی خۆیەتی، بۆیە شاعیرانیش وەکو ئەندامێکی کۆمەڵ پەنایان بۆئەم پەندانە بردووە و کردوویانە بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی شیعرەکانیان، هەموو پەندێکیش چیرۆکێکی لە پشتەوەیەو ئەنجامی تاقیکردنەوەی ژیانی باوباپیرانمانن و لەوانەوە بۆمان ماونەتەوە، (شێخ محەمەدی خاڵ) دەڵێت: ((پەندی پێشینان فەلسەفەی ژیان و دەنگی تاقیکردنەوەی جیهان و بەری ڕەوانبێژی ڕەوانبێژانە، کە باوباپیران لە هەزاران ساڵەوە بەکەلەپورێکی وێژەیی، بۆیان بەجێهێشتووین، تابیانکەین بە ئاوێنەی باڵانما بۆخۆمان))(٢٠٠٠: ٨) واتە ئەم بەرهەمە ئەدەبییە وامان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێ دەکات بەرچاومان روونبێت لەکاروکردارەکانی رۆژانەمان و پشتی پێ ببەستین، (کوردی)ش وەکو شاعیرێکی بە ئەزموون پەندی پێشینانی لە پێکهاتەی وێنەشیعرییەکانیدا بەکارهێناوە.

((ئەوی دۆست بە دۆستی ئەکا، دوژمن بە دوژمنی ناکا)) (خاڵ،٢٠٠٠: ٦٠) پەندێکی پێشینانە، مەبەست لەم پەندە ئەوەیە کە هەر خزم و دۆست بەگیانی یەکتر فێرن و لەیەکتر ئەبڕن و ئەکوژن، واتا ئەوەندەی خۆیان لەناو یەکتری زیان بەخۆیان دەگەیەنن و لەناو خۆیان تەبا نین، ئەوەندە دوژمن زیانیان پێ ناگەیەنێت و ئازاریان نادات، (کوردی)ش بەم شێوەیە سوودی لەم پەندە وەرگرتووە :

دائیما دڵ وا لە سەعیی ئەتک و، ئابڕوو بردنم
پێشینان "کوردی" دەڵێن هەر خزمە خۆ ڕیسوا دەکا (حەمە بۆر،٢٠١٠: ٥٧)

واتا ئەوەندە دڵی خۆی دەیەوێت ئابرووی شاعیر بەرێ، ئەوەندە دوژمن هەوڵی ئەوە نادات ئابرووی شاعیر بەرێ، بەم شێوەیە دڵی خۆی بە خزم چوواندووە، چۆن خزم خەریکی ئازاردانی گیانی خزمی خۆیەتی، بەهەمان شێوەش شاعیر ئەوەی ئازاری دەدات دڵی خۆیەتی نەک کەسێکی تر، بۆ ئەم مەبەستەش (دڵ) لێچووە و (خزم) لەو چووە.

**٢ - داستان**

سەرچاوەیەکی تری کەلەپووری میللییە، کە شاعیر بنیاتی وێنەی شیعری خۆی پێ بەهێز دەکات، داستان ((بەرهەمێکی چیرۆک ئامێزە، سەرگوزەشتەیەکی ڕووداو یا ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە کە بە ژیانەوە بەستراوەتەوە، ڕاستی ژیان لە دەروونی خاوەن بەرهەمەکە دەهێنێتە دەرەوە و وێنەی قارەمانێتی و ئازایەتی مرۆڤمان پێ نیشان دەدات))( کامەران موکری،١٩٨٤: ٦٤)، کەواتە ڕووداوەکانی ناو داستان هەمووی پەیوەندی بەژیانی مرۆڤەوە هەیە، باسی بەسەرهاتێک یا ڕووداوێک دەکات، بەسەر کەسێک یا کۆمەڵە کەسێک هاتووە. لەڕووی ناوەڕۆکەوە داستان دوو جۆرە: یەکەمیان داستانی دڵدارییە باسی خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ دەکات، جۆری دووەمیان داستانی قارەمانێتییە؛ باسی ئازایەتی و قارەمانێتی کەسێکمان بۆ دەکات کەلە داستانەکەدا ڕۆڵی پاڵەوانێتی دەگێڕێت؛ لەرێگای ئەمەشەوە ئازایەتی و قارەمانێتی نەتەوەیەک پیشاندەدات، بێگومان میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی تر خاوەن داستانی خۆیەتی وەکو داستانی( مەم و زین، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، لاس وخەزال ...هتد)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک داستان هەن هاتوونەتە نێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی وەک داستانی (لەیلاو مەجنوون) ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ((میللەتی کورد خاوەن دووجۆر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داستانە جۆرێکیان کە تایبەتە بە کورد خۆیەوە، بەڵام جۆری دووەمیان ئەو داستانانەن کەوا مۆرکی گەلانی تری پێوەیە))(نوری،٢٠١٧: ٥٨)، ئەمەش ئەوە دەردەخات نەتەوەی کورد لە کۆنەوە تێکەڵاوی کلتوریی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا هەبووە و سوودی لە کەلەپووری نەتەوەکانی تر وەرگرتووە، لەخوارەوە باس لەو داستانانە دەکەین، کە بوونەتە هەوێنی چەند وێنەیەکی شیعریی مستەفا بەگی ساحێبقران:

**آ- داستانی شیرین و فەرهاد**

یەکێکە لە داستانە هەرە بەناوبانگەکانی میللەتی کورد، ئەم داستانە باسی ئەوە دەکات کە فەرهاد لە یەکەم نیگاوە ئاشقی شیرین دەبێت و خۆشەویستییەکی پاک و بێگەرد لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بۆیە فەرهاد ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو خۆشەویستییەی بکات کە بۆ شیرینی هەبوو (( خەسرەو کە جێنیشینی پەروێزی باوکی بوو ئەویش عاشقی شیرین بوو، بەڵام کە زانی فەرهاد و شیرین عاشقی یەکترین زۆری پێ ناخۆش بوو، فەرهادی بانگ کردو دەیویست بەفێڵێک فەرهاد لە ناوبەرێت، ئەوەبوو داوای کونکردنی کێوی بێستوونی لە فەرهاد کردو فەرهادیش رازی بوو، بەڵام بەمەرجێ ئەگەر کێوەکە کون بکات ئەوا دەست لە شیرین هەڵبگرێت، خەسرەویش خەیاڵی وابوو کە فەرهاد ناتوانێت ئەم کارە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش عەشقی شیرین وای لە فەرهاد کرد کێوەکە هەڵبکۆڵێت، خەسرەویش بەم کارە دڵگران بوو ویستی دووبارە فەرهاد تێوەگلێنێت بۆیە هەواڵی نارد بەکەسێک بە فەرهاد ڕاگەیەنێت شیرین مردووە، فەرهاد کە ئەمە دەبیسێت دەست دەکات بەشین و ڕۆڕۆ و دەست بەجێ گیانی دەردەچێت، شیرینیش لەکۆشکەکەی خۆیا بەخەمگینی ڕۆژگار بەسەر دەبات)) (خانای قوبادی،١٩٧٥: ٣٥-٣٩) ئەم داستانە بەم کۆتاییە تراژیدیایەوە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد لەناو نەتەوەی کورد، (کوردی)ش سودێکی زۆری بینیوە لەم داستانە و چەند دێڕێکی شیعریی خۆی پێ بنیات ناوە، بۆ نموونە دەڵێت:

من وەکوو فەرهادی بێچارەم ئەتۆش

خوسرەوی عەسری بە شیرین مەنزەری(ئاسۆ،٢٠٢٠: ٢١٣)

ئەم دێڕە شیعرە لە سەر بنیاتی لێکچواندن دروست بووە، شاعیر خۆی بە فەرهادو ڕەقیبی بە خەسرەو و یاریشی بە شیرین چوواندووە، وەک چۆن فەرهاد ناچار بووە کێوی بێستوون هەڵبکۆڵیت بۆ ئەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە شیرین بگات، واتە هەموو عاشقێک ماندووبوونێکی زۆر دەکێشێت تاوەکو بە خۆشەویستەکەی دەگات.

مەر لە ڕێی عەشقا نەبوو فەرهاد کە کێوی کون دەکرد؟

ئیکە بۆچی تۆ لەگەڵ ئێمە غەضەب پەیدا دەکەی؟(حەمە بۆر،٢٠١٠: ٢٧٠)

شاعیر ڕاستەوخۆ ئەم دیمەنەی لە داستانەکە وەرگرتووە، لەم دێڕە شیعرەدا ڕووی دەمی لە یار دەکات و پێی دەڵێت: تۆ بۆچی بە عەشقی من باوەڕ ناکەیت و هەمیشە بەشەڕی لەگەڵم، ئەوەتا فەرهاد لە تاو گەیشتن بەشیرین کارێکی قورسی ئەنجامدا، ئەویش کونکردنی کێوی بێستوون بوو، ئەگەرباوەڕناکەیت ئەوا بۆتی بسەلمێنم و کاری وام لەدەست دێت، واتا لێرەدا بۆ ئەوەی دلبەرەکەی باوەڕ بە خۆشەویستییەکەی بکات خۆی دەچوێنێ بە فەرهاد، کە وەکو ئەو لەتوانایدا هەیە کێو هەڵبکۆڵێت.

ئەمن فەرهاد و شاهید بێستوونە،

ئەتۆ شیرین، شەماڵ؛ شاپورە ئەمشەو(حەمە بۆر،٢٠١٠: ٤٩١)

ئەم دێڕە شیعرەش لە سەر بنیاتی لێکچواندنێکی بەهێز دامەزراوەو سیمایەکی جوانی بە وێنەکە داوە، کوردی بۆ سەلماندنی خۆشەویسی خۆی دەڵێت: من فەرهادم ئەگەر باوەڕیش ناکەیت کێوی بێستوون شایەتیم بۆ دەدات لەسەر خۆشەویستیم، تۆش شیرینی و بای شەماڵیش وەکو شاپوور هەواڵی تۆم بۆدێنێت، دیارە شاپوور لەناو داستانەکەدا نەقاشبووە و ڕەفیقی خەسرەو پەرێز بووە.

### ب- داستانی لەیلێ و مەجنوون

داستانێکی دڵدارییە لە وڵات و ناوچەی عەرەبدا ئەم داستانە ڕووی داوە، باسی خۆشەویستی نێوان دوو ئامۆزا دەکات ((مەجنوون ناوی (قەیس کوڕی مولەوەح کوڕی موزەحیمی عامری)، قەیس شاعیر بووە حەزی لە لەیلای کچی سەعد کردووە، هەردوولا یەکیان خۆش ویستووە، بەڵام باوکی لەیل ڕازی نەبوو کە کچەکەی بە قەیسی برازای بدات و لەیلی دا بەکەسێکی تر، دەرەنجام قەیس سەری خۆی هەڵگرت بەرەو بیابان لەیلیش لەدووری قەیس نەخۆش کەوت و مرد، مەجنوون کاتێ ئەمەیزانی خۆی گەیاندە سەرگۆڕی لەیل و دەستی کرد بە شین و شیعر وتن بەسەریدا و ئەویش لەوێ گیانی دەرچوو))( هەورامانی،١٩٨٥: ٨) ئەم داستانە هەرچەندە داستانێکی عەرەبییە بەڵام لە ناو نەتەوەی کورددا

دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووەو بڵاوبووەتەوە، مستەفا بەگی کوردیش وەک تاکێکی کورد بەم داستانە کاریگەر بووەو چەند دیمەنێکی کردووە بە هەوێنی چەند دێڕە شیعرێکی، بۆ نموونە دەڵێت:

سەراپام غەرقی ئەشکی سوور و دڵ وا

خەریکی مەوجی دووریی لەیلە ئەمشەو(ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٣٠)

شاعیر ئەم بیرۆکەیەی لە ڕوداوەکەوە وەرگرتووە ،ئەم دێڕە شیعرەی لەسەر بنەمای خواستن بنیات ناوە، هەر وەکو چۆن مەجنوون لە دووری لەیلا خەریکی شین و فرمێسک ڕشتن بوو، بۆیە ئەمیش دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت منیش لە دووری یار هەر خەریکی شین و ڕۆڕۆم و دڵیشم وەک دەریا لەتاوی یاردا شەپۆڵ دەدات ، واتە دڵی شاعیر ئۆقرەی لەبەر بڕاوە. هەروەها لە دێرێکی تردا باسی تەنیایی خۆیمان بۆ دەکات:

لە تەنهایی بە یادی ڕۆحی مەجنوون

خەیاڵی گەشتی دەشت و دەرمە ئەمشەو(ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٣٤)

لێرەدا شاعیر لە بەر تەنیایی و بێزاری خۆی دەیەوێت هەمان ڕێچکەی قەیس بگرێتە بەر، وەک چۆن قەیس دەشتی دا لەبەر و لە هەموو کەس دوور کەوتەوە، ئەمیش دەیەوێت بە ڕێگای ئەودا بچێت و لە خەڵک دوور بکەوێتەوەو بەتەنیا لەگەڵ خۆی بژیەت.

لە دێڕێکی تردا شاعیر دیمەنێکی تری داستانەکە وەردەگرێت و خۆی بە مەجنون دەچوێنێت:

وەکو مەجنوون، لەدووریی لەیلی بێ مەیل،

خەریک و وێڵی بەڕیە و هەردم ئەمڕۆ(حەمە بۆر،٢٠١٠: ٤٧٢)

ئەم دێڕە شیعرە لەسەر بنیاتی لێکچواندن دروست بووە، چونکە شاعیر خۆی لە جێگای قەیس دادەنێت، کە لە تاوی بێ مەیلی لەیلا ناچارە ڕوو لە بیابان بکات و هاوڕێیەتی ئاژەڵی کێوی بکات و نیشتەجێی سەحرا بێت.

**پ - داستانی شێخی سەنعان**

داستانێکی دڵداریی سۆفییانەیە، ئەم داستانە بەو شێوەیە دەستپێدەکات: ((شێخی سەنعان عاشقی، کچی (شارۆخ شا) بوو، بەدوای کەوت و چوو بۆ شاری ئەوان و لەدینی خۆی هەڵگەڕا، کچەش دەزانێت کە شێخ خۆشی دەوێت بۆیە چەند مەرجێکی بۆ دادەنێت دەڵێت: ئەگەر ئەتەوێت بگەی بەمن دەبێت قورئان بسووتێنی بەئاگرو دەفەکەت لەت لەت بکەیت و لە پشتت زونار ببەستی و ببیتە شوانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرازان شێخ بەم مەرجانە ڕازی دەبێت و ئاگای لە موووریدەکان نامێنێت، زۆر جار موریدەکان ویستیان ڕێگری لێ بکەن. بەڵام سودی نەبوو))( قازی،٢٠٠٧: ٧)

تاکوو تۆ ساحێبی ئەو کاکۆڵی وەک زوننارە بی؟

سەد وەکوو سەنعان عەبەس بێ مەزهەب و شەیدا دەکەی(ئاسۆ،٢٠٢٠: ٢٣٧)

لە ژێر کاریگەری ئەم داستانە شاعیر وێنەیەکی لێکچواندنی بنیاتناوە، ئەویش زوڵفی یاری بە زوننارى مەسیحی چواندووە، هەروەها خۆیشی بە شێخی سەنعان چواندووە، چۆن شێخی سەنعان لە بەر کچی گاور لەدین لایداو چووە سەر دینی یارەکەی، بۆیە دەڵێت: هەتا تو زوڵفت بهۆنیتەوە وەکو زونناری مەسیحییەکان، ئەوا من وچەند کەسێکی تریش وەکو شێخی سەنعان بێ دین دەکەیت و لەڕێ لامان دەدەیت.

**ت - تێکەڵکردنی دوو داستان:**

نەتەوەی کورد لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریدا زۆر دەوڵەمەندە، داستانیش یەکێکە لەو ئەدەبیاتانە کە بەزیندوویی لەناو کۆمەڵگا ماوەتەوە، داستانی مەم و زین یەکێکە لەو داستانانەی  کە لە کۆنەوە سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لە کوردستانی ژووروو بە (مەمی ئالان) ناوبانگی دەرکردووە، ئەم داستانەش بە هەمان شێوەی داستانەکانی پێشوو داستانێکی دڵدارییە باسی خۆشەویستی نێوان کورێک دەکات بەناوی ((مەم) کە کوری (عەلی بەگ)ە و (زین)یش خوشکی میری جەزیرەی بۆتانە بەناوی (ئەزین)، چیرۆکی خۆشەویستیان بڵاو دەبێتەوە چەندین ناحەزی لێ پەیدا دەبێت و (بەکۆ)ش یەکێک بوو لەوانە و ڕاوێژکاری میر بوو، پیلانی ئەوە بۆ مەم دادەڕژێت و پێشنیار بۆ (میر ئەزین) دەکات و هانیدەدات کە شەترەنج لەگەڵ مەم بکات، میریش پێشنیارەکەی قبوڵ کرد بە مەمی گوت ئەگەر لەشەترەنج لە منت بردەوە ئەوا (زین)ت پێشکەش دەکەم، سەرەتا مەم یارییەکە دەباتەوە ، دواتر بەکۆ پیلانێکی تر ڕێکدەخات کە میر و مەم جێگایان بگۆڕنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش مەم  زینی خۆشەویستی دەبینێت و وای لێدێت ئاگای لە یاری نامێنێت و لەکۆتاییدا میر لە مەم دەباتەوە، بۆیە مەم دەستگیر دەکرێت دەخرێتە زیندانەوە، کچەکەی بەکۆ هەنارێکی ژەهراوی بە زین دەدات  تا بۆ مەمی ببات هەرکە مەم دەیخوات یەکسەر دەمرێت و (زین)یش لەدوای حەوت ڕۆژ دەمرێت))(دزەیی،١٩٩٧: ٢١-٢٦) ئەم داستانەش کۆتاییەکی مەرگەساتی هەبووە و مەم و زین لەم دوونیا بەیەک ناگەن. لەژێر ڕۆشنایی ئەم داستانە (کوردی) ئەم وێنەیەی دروست کردووە:

شۆری ئەمجارەم لە جۆری بەزمەکەی شیرین نییە

نەوعی سەودای کاکە مەم یا شەوقی خاتوو زین نییە(ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٨٥)

لەم دێڕە شیعرەدا لە تەنیشت داستانی (شیرین و فەرهاد)، شاعیر باسی داستانێکی بە ناوبانگی تری کردووە ئەویش داستانی (مەم و زین)ە، ئەم داستانە تایبەتە بە میللەتی کورد و ئەنجامێکی تراژیدی هەیە، شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ یاری هەبووە وەکو خۆشەویستی شیرین و فەرهاد و مەم و زین نییە، بەڵکو لە خۆشەویستی ئەوانیش باڵاترە یا خود زۆرترە، واتا ئەو خۆشەویستییەی کە ئەوان هەیان بوو بۆ یارەکەیان لە چاو خۆشەویستی مستەفا بەگ کەمترە.

### 2.2.3 : واقیع

مەبەست لە واقیع ڕووداوی سیاسی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزرییە، هەروەها یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە شاعیران بنیاتی شیعری خۆیان پێ دروست دەکەن و سوودی لێ وەردەگرن، شاعیریش یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵ و هەست بەو واقیعە دەکات کە تێیدا دەژی، جا ئەم واقیعە چ تاڵ بێت یاخود شیرین ئەو هەستی پێ دەکات و بەم جۆرە دەیکاتە هەوێنی شیعرەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم واقیعە بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ ناگوازرێتەوە، بەڵکو لەگەڵ بیرو هۆش و خەیاڵی خۆی تێکەڵی دەکات و بە شیعر دەیهۆنێتەوە، هەر ئەو واقیعەیە بەشێوەی جیا جیا کاریگەری لەسەر شاعیر دروست دەکات و شیعرەکانی پێ هەمەڕەنگ دەبێت و وادەکات ئەو شیعرانە هەر جارەو تایبەت بێت بە باسێکی ناو کۆمەڵەوە، هەر وەکو (قوباد بەهرەوەر) دەڵێت: ((شیعر دەربڕینی دەروون و ناخی مرۆڤە، ناخی مرۆڤیش وەک کلۆرۆفیلی ڕووەک تیشک لە واقیعی دەورویشت وەردەگرێ و میوەی شیعری لێ دروست دەکات))(١٩٦٦: ٥)، واتا شاعیر لە واقیع ڕووداوەکان وەردەگرێ و پەردە لەسەر ڕاستییەکان لادەدات و بەشێوەیەکی هونەرییانە باسی دیاردە زەقەکانی سەردەمی خۆیمان بۆ دەکات. (کوردی)ش وەک شاعیرێک بە ئەرکی خۆی زانیوە و باسی ئەو ڕاستییانە دەکات کە لە ناو کۆمەڵ بوونیان هەبووە؛ بۆ نموونە:

بەباڵای دڵ، کە کاڵای غەم بڕاوە

وەکو تەختی بەبە وێرانە ئەمشەو (حەمە بۆر،٢٠١٠: ٥٢١)

لێرەدا شاعیر باسی ئەو واقیعە تاڵە سیاسییە دەکات، بێگومان ئەم شیعرەی دوای ڕووخاندنی بابان و ڕەوکردنی گەورە پیاوانی بووە لە (سلێمانی) لەتاو خراپی عوسمانییەکان ، کوردستانیش هەر جارەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرێک بووە و چەوساوەتەوە، لێرەدا شاعیر دڵی خۆی بە تەختی بابان چواندووە کە چۆن تەختی بابان ڕووخاوەو وێران بووە، بە هەمان شێوەش دڵی شاعیر ئاوا وێران و پڕە لە خەم بووە، واتا ئەم دێرە لەسەر بنەمای لێکچواندن بنیات نراوە، هەروەها توورکەکانیش بەردەوام خەڵکیان چەوساندووەتەوەو زوڵمیان لێ کردوون، بۆیە ئەم واقیعە تاڵە بووەتە هەوێنی شیعری شاعیر.

لە دێڕێکی تردا ڕوو لە هاوڕێیانی دەکات و دەڵێت:

با هەموو، خۆمان بکەینە خوم لە هەستیدا هەتا

خەم بەپێچ و خەم وەکوو سەگ شەق ئەکا سۆفی بەراز (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٢٤٩)

زۆربەی شاعیرانی کلاسیک دژی شێخ و سۆفییەکانی سەردەمی خۆیان بوونەتەوە، چونکە زانیویانە چ مشەخۆرێکن و لەسەر دەستی خەڵکی زگی خۆیان تێر دەکەن و بە ناوی دینەوە خەڵکی فریو دەدەن، بۆیە مستەفا بەگیش وەکو شاعیرانی تر دژی ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییە وەستاوەتەوە، لە چاپی (ئاسۆ) بەم شێوەیە لێکیداوەتەوە: سۆفی بە بەراز و خەمیشی بەسەگ چواندووە ،بۆیە دەڵێت: با ئەوەندە بخۆینەوە ببینە کوپەی شەراب، غەم هەر پێچ و خەم (خوارەوخوار) بخوات وەکو سەگ و سۆفیش وەک بەراز لە داخا شەق بەرێت، ئەگەر ئێمە زیاتر وردبینەوە لە نیوەی دووەمی دێڕەکە پاش و پێشی وشەکان وای کردووە ئەم تێکەڵییە لای ئەوان دروست بێت، بۆیە دەکرێت بەم شێوەیەش بیخوێنینەوە، کە سۆفی دوو جار چوێنراوە بە ئاژەڵ، جارێک بە بەراز و جارێکیش لەداخا وەکو سەگ بتلێتەوە، لەو ڕوونکردنەوەی سەرەوە کە (ئاسۆ) کردوویەتی بەو شێوەیە بەهێز نییە کە خەمی چواندبێت بەسەگ، چونکە ئەو دێڕەکەی ئاراستەی سۆفی کردووە نەک خەم، کەواتە لەسەر بنەمای لێکچواندن شاعیر باسی ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییەی کردووە بەشێوەیەکی هونەرییانە دایڕشتووە.

### 3.2.3 :سەرچاوەی ئاینی

هەموو میللەت و نەتەوەیەک ئاینێک یا چەند ئاینێکی هەیە، بەرنامەی ژیانی بە پێی یاساکانی ئەو ئاینە داڕشتووە، بۆیە هیچ نەتەوەیەک نابینینەوە لەسەر زەمین بەبێ ئاین ژیان بگوزەرێنێت، ئاین سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ ئارامبوونەوەی ڕووحی ئینسان جا ئەم ئایینە هەر ئاینێک بێت (ئیسلام، زەردەشت، ئێزیدی... هتد) ، بۆ ئەم مەبەستەش شتێکی سروشتییە شاعیرانمان وێنەی شیعرییان لە ئاینەکانەوە بەگشتی و ئاینی ئیسلام بەتایبەتی وەرگرتبێت، ئاینی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکییە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ شاعیران، پڕە لە ڕووداو و چیرۆک؛ کە شاعیران بەگشتی و شاعیرانی کلاسیک بەتایبەتی سوودێکی زۆریان لێ بینیوە، چونکە شاعیرانی کلاسیک قورئانی پیرۆزیان لە حوجرەو خانەقاکاندا خوێندووەو شارەزاییەکی باشیان هەبووە لێی، ئەمەش کاریگەری لەسەر شاعیران دروست کردوە و وایلێکردوون بەسوود وەرگرتن لەو چیرۆکە قورئانییانە، بنیاتی وێنەی شیعری خۆیان بەهێز بکەن.

## آ- چیرۆکی پێغەمبەر یوسف

لە قورئانی پیرۆزدا باسی بەسەرهاتی حەزرەتی یوسف (د.خ) لێ بێت کراوە، کە چۆن پێغەمبەر یەعقوب لە دووری یوسفی کوڕی کوێر دەبێت و پاش چەند ساڵێک یوسف قەمیسێکی خۆی بۆ باوکی دەنێرێت، تا بیکاتە سەر چاوەکانی و بینایی بۆ بگەڕێتەوە؛ هەر وەک لە سورەتی (یوسف) ئایەتی (٩٣) ئاماژەی پێ کراوە (ٱذۡهَبُواْ بِقَمِيصِى هَٰذَا فَأَلۡقُوهُ عَلَىٰ وَجۡهِ أَبِى يَأۡتِ بَصِيرًا وَأۡتُونِى بِأَهۡلِكُمۡ أَجۡمَعِينَ)، شاعیریش ئەم وێنەیەی وەرگرتووەو ئەم دێڕە شیعرەی خۆی لێ دارِشتووە:

قەمیسی یووسفە بۆ چاوی تاریکم وەکوو یەعقووب
سەبا بێنێ، ئەگەر جارێ، بەلاما بۆی عەرەقچینت (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٥٣)

ئەم دێڕە شیعرە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروست بووە، چونکە شاعیر یاری بە یوسف و خۆی بە یەعقوب چواندووە، کە چۆن لە تاوی دووری جگەرگۆشەکەی بینایی چاوەکانی لە دەست داوە، ئەمیش لەتاوی یارەکەی وەکو یەعقوبی لێ هاتووە، بۆیە دەڵێت ئەگەر بای سەبا لە عارەقی ژێر کراسەکەت بۆنێکم بۆ بێنێت، بەڵکو منیش چاوم وەکو چاوی یەعقوب ڕووناک بێتەوەو ببینم، لەدەستدانی بینایی پێغەمبەر یەعقوب بووە بە سەرچاوی وێنەی شیعری لای شاعیر و ئەم وێنە بەهێزەی دروست کردووە.

لە دێڕێکی دیکە دا خۆی بە یوسف چواندووە کە چۆن زولیخا تاوانی دڕاندنی قەمیسەکەی لەسەر خۆی لادەدات و تاوانەکە دەداتە پاڵی یوسف، هەروەک لە سورەتی (یوسف) ئایەتی (٢٥ - ٢٨) باس کراوە (وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٢٥) قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ(٢٦) وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٢٧) فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيۡدِكُنَّۖ إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ (٢٨)) شاعیریش لەژێر کاریگەری ئەم چەند ئایەتە ئەم وێنە شیعرییەی دروست کردووە:

ئەگەر بێت (موحتەسیب) بیشم کوژێ حەتتا وەکو یوسف

وەریدی عەشق و ڕێشی توهمەت و چاکی گرێبانم (ئاسۆ،٢٠١٠: ٨٥)

ئەم دێڕە شیعرەش لەسەر بنەمای لێکچوان دروست بووە، چونکە لێرە شاعیر خۆی بە پێغەمبەر یوسف چواندووە، کە چۆن بە تۆمەت و درۆ زولەیخا قەمیسەکەی لە دواوە دەدڕێنێت، بۆیە دەڵێت: ئەگەر گەورەی وڵات(موحتەسیب پۆلیسی ئادابە) بشمکوژێت هێشتا وەکو یوسف کراسەکەم بە بوهتان و درۆ لەدواوە دەدڕێنن.

**ب - چیرۆکی پێغەمبەر ئەیوب**

لە قورئانی پیرۆز خوای گەورە باسی سەبری پێغەمبەر ئەیوبی کردووە،کە چەند ئارام بووە بەرامبەر ئەو هەموو شتانەی بەسەریدا هاتووە، وەک لە سورەتی (الانبياء) ئایەتی (٨٣) (وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ)، هەروەها لە سورەتی (ص) ئایەتی(٤٤) (وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ ۗ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا ۚ نِّعْمَ الْعَبْدُ ۖ إِنَّهُ أَوَّابٌ) ، لەم چیرۆکەوە (کوردی)ش ئەم وێنەیەی پێکهێناوە:

صەبری ئەییووبم هەبێ؟ هەردەم؟ دەروونم بێتە جۆش

جوز، لە نەظمی پارچە شیعرێ زێدەتر تەسکین نییە (حەمە بۆر،٢٠١٠: ٩٠)

شاعیر لەسەر بنەمای لێکچوان وێنەیەکی شیعری جوانی دروست کردووە، تیایدا خۆی بە ئەیوب دەچوێنێت و دەڵێت: ئەگەرمن وەکو ئەیوب سەبرو خۆڕاگربم، ئەوا دەتوانم هەر بەپارچە شیعرێ دەروونم ئارام بکەمەوە و لەمە زیاتر هیچی ترم لە دەست نایەت.

**پ - چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم**

خوای گەورە باسی نەسوتانی پێغەمبەر (ئیبراهیم) دەکات؛ کە چۆن کراوەتە ناو ئاگر، بەڵام نەسوتاوەو ئاگر زیانی پێ نەگەیاندووە، هەر وەکو لە سورەتی (الانبياء) ئایەتی(٦٩) خودای گەورە دەفەرمێت (قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ) ، شاعیریش سوودی لەم ئایەتە وەرگرتووە و ئەم وێنە شیعرییەی لێ دروست کردووە:

لە سینەی پڕ بلێسەم؛ هێند، دەکێشم ئاهی گەرم و سەرد

خەلیلی تۆیە، دڵ بۆیە؛ کە ناریش پێی ضەرەر نادا (حەمە بۆر،٢٠١٠: ٤٧)

ئەم دێڕە شیعرەش لەسەر بنەمای خواستن بنیات نراوە، چونکە شاعیر ناوی (خەلیلی) بردووە ئەمەش خواستنە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم لەلایەکی تریشەوە مەبەستی ئەوەیە دڵم هاوڕێ و خۆشەویستی تۆیە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە دەڵێت: لەسینەمدا دەکێشم ئاهی گەرم و سارد، دڵم خۆشەویستی تۆیە وەک چۆن حەزرەتی ئیبراهیم خۆشەویستی خودا بوو چووە ناو ئاگریش نەسووتا، واتا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە بڵێت: مادام دڵم خۆشەویستی تۆیە ئیتر ئاگر هیچ زیانم پێ ناگەیەنێت.

### ت- تیلنیشان بۆ سورەت و ئایەت

بۆ ئەم مەبەستەیش سێ نموونە دەهێنینەوە:

١- لەقورئانی پیرۆزدا سورەتێک هەیە بەناوی (القدر) خوای گەورە باسی ئەو شەوەمان بۆ دەکات دەفەرمێ ( إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ(١) وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ(٢) لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ(٣) تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ(٤) سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ(٥)ِ)، شاعیریش سودی لێ وەرگرتووەو ناوی لەیلەتولقەدری هێناوە، بێگومان ئەم شەوە لای موسڵمانان پیرۆزە، بۆیە لە سەر ئەم بنەمایە ئەم دێڕە شیعرەی هۆنیوەتەوە:

هەر شەوێ وەعدەی ویساڵت بێ؟ هەتا ڕۆژ ناسرەوم
لەیلەتولقەدرە، هەموو کەس حەز بە بێداری دەکات (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٢٩)

شاعیر لێرەدا باسی ئەو شەوەمان بۆ دەکات ، کە کاتی هاتنی یار بێت ئیتر تا بەیانی ئارامی لێدەبڕێت و ناخەوێت، بۆیە ئەو شەوەی بە شەوی لەیلەتولقەدر چواندووە وەکو چۆن لە شەوی لەیلەتولقەدردا موسلمانان بەخەبەرن و کەس ناخەوێت و خەریکی عیبادەتن تا بەیانی تا بە دیداری نووری خوا بگەن،ئەمیش بەهیوای بینی یارە، واتا ئەم دێڕەش لەسەر بنەمای لێکچواندن بنیات نراوە.

٢- هەروەها لەدێڕێکی تردا سودی لە ئایەتێکی تری قورئان بینیوە و ئەم وێنەیەی لێ دروست کردووە، خوای گەورە لە سورەتی (يسٓ) ئایەتی(٧٨) دەفەرمووێ (وَضَرَبَ لَنَا مَثَلٗا وَنَسِيَ خَلۡقَهُۥۖ قَالَ مَن يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ)، باسی ئەوەی کردووە چۆن لە ڕۆژی مەحشەر هەموو ئێسقانە ڕزیوەکان زیندوو دەکاتەوە

وەسڵی تۆ ((یحیی العظام))ی قالْبی فەرسوودەمە
سا مەیێڵە تۆخودا شاد بێ بەگەردم بای شەماڵ (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٦٥)

ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای لێکچوان دروست بووە، چونکە شاعیر بینینی یار یاخود هاتنی یاری بە بینینی خودا چواندووە، وەک چۆن خودا لە ڕۆژی دواییدا مردووەکان زیندوو دەکاتەوە، گەیشتن بە

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاریش بۆ شاعیر هەمان شێوەیە، بۆیە دەڵێت: یارەکەم زوو وەرە و بە دیدارت زیندووم کەوە با بای شەماڵ تۆزی ئێسقانە ڕزیوەکانم نەبات.

٣- سامری ئەو پیاوە یەهودییە جادووکەرەی سەردەمی پێغەمبەر (موسا) (د.خ) بوو، پیشەی جادوو بووەو خەڵکی لە ڕێ لادەدا، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرمێت: ((قَالُواْ مَآ أَخۡلَفۡنَا مَوۡعِدَكَ بِمَلۡكِنَا وَلَٰكِنَّا حُمِّلۡنَآ أَوۡزَارٗا مِّن زِينَةِ ٱلۡقَوۡمِ فَقَذَفۡنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلۡقَى ٱلسَّامِرِيُّ (٨٧) فَأَخۡرَجَ لَهُمۡ عِجۡلٗا جَسَدٗا لَّهُۥ خُوَارٞ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ (٨٨)))، بۆیە شاعیر ئەو لێکچوانەی درووست کردووەو خۆشەویستەکەی بە سامری چواندووە، سامری بەکارە جادووە فیتنەگەرییەکەی، یارەکەشی بەجوانی ڕووخساری خەڵکی لەڕێ لادەدات :

عالەمت ئاسان کە تەسخیر کردووە ئەی ماهڕوو

سامیری ئاسای و پیشەت جادووە، ئەی ماهڕوو (ئاسۆ،٢٠٢٠: ١٢٣)

**ج - مەنصوری حەلاج**

سۆفییەکی فەیلەسووف و وێژەوانێکی بەدەم و زمان و نوسەرێکی بەرهەم زۆر بووە، ناوی ((حسێن کوڕی مەنصور) کە بە (هەلاج) ناو بانگی دەرکردووە، زۆری خوێندووەو زۆر گەڕاوە بە جیهاندا. بەتاوانی ئەوەی کە دەیوت (انا الحق) دوای هەشت ساڵ بەندی و بەپیسترین سزادانی لە بەغداد کوژرا ))(حەمە بۆر،٢٠١٠: ٣٢٢)

وەکو مەنسوور ئەگەر بیشم سووتێنن

((أنا القادر)) دەڵێ گەرد و غوبارم (ئاسۆ،٢٠٢٠: ٨١)

ئاماری سەرچاوەکانی وێنەی شیعری(خودی و بابەتی)

| جۆری سەرچاوە | ژمارەی وێنەکان | ڕێژە | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|---|
| خودی | ٢٩ | ٪٤١.٤٢ | ٢٣٥،٢٢٧،١٩٦،١٩٥،١٧٨،١٦٩،١٦٨،١٥٧،١٥٠،١٤٤،١٣٢،١٢٨،١١٠،١٠٩،٩٧،٧٠،٥٩،٥٤،٥٢،٥١ ٤١، |
| بابەتی | ٤١ | ٪٥٨.٥٧ | |

ئاماری جۆری سەرچاوە بابەتییەکان

| جۆری سەرچاوەکان | | ژمارەی وێنەکان | ژمارەی لاپەرەکان | کۆی وێنەکان |
|---|---|---|---|---|
| سەرچاوەی کەلەپووری میللی | پەندی پێشینان | ١ | ٥٧ | ١٩ |
| | داستانی شیرین و فەرهاد | ٩ | ٤٢،٨٨،١٢٧،١٦٣،١٣٤،١٨٥،٢١٣،٢٣٨،٢٤٤ | |
| | داستانی لەیلا و مەجنوون | ٧ | ٢٦،١٢١،١٣٠،١٣١،١٣٤،١٥٢،٢٢١ | |
| | داستانی شێخی سەنعان | ١ | ٢٣٧ | |
| | تێکەڵکردنی دوو داستان | ١ | ١٨٥ | |
| سەرچاوەی واقیع | | ٨ | ٤٥،٤٧،١٣٩،١٦٢،١٩٩،٢٣٣،٢٤٩،٢٦٧ | ٨ |
| سەرچاوەی ئاینی | چیرۆکی پێغەمبەر یوسف | ٤ | ٤٨ ،٥٣ ، ٨٥ ، ٢٢٧ | ١٤ |
| | چیرۆکی پێغەمبەر ئەیوب | ١ | ١٨٦ | |
| | چیرۆکی پێغەمبەر ئیبراهیم | ١ | ٢٣ | |
| | تیلنیشان بۆ سورەت و ئایەت | ٦ | ،٢١٤، ٢٩ ، ٦٥ ، ١٣٠ ، ١٢٣،١٣١ | |
| | مەنسووری حەلاج | ٢ | ٨١ ، ٢٠٦ | |

شیکردنەوەی خشتەکان :

وەکو دەبینین شاعیر سەرچاوەی خودی (٢٩) جار بەکاریهێناوە و سەرچاوەی بابەتی(٤١) جار بەکارهێناوە، واتە سەرچاوەی بابەتی زۆر تر بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەی بابەتی خاوەنی چەندین لقە.

لەسەرچاوەی وێنەی بابەتی لەناو داستاناکاندا زۆرترین داستان کە سوودی لێی بینیبێت و وێنەی لێ دروست کردبێت داستانی (شیرین و فەرهاد)ە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زیاتر کاری تێکردووەو ئاگاداری ڕووداوەکانی بووە.

هەروەها سوودی لەسەرچاوەی واقیع بینیوە و (٨) جار بەکاری هێناوە، ڕەنگە ئەم بەکارهێنانەی بۆ نالەباری بارودۆخی ئەوکاتەی سلێمانی بگەڕێتەوە، کە نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ باسی ڕووداوەکان بکات.

سەبارەت بە سەرچاوەی ئایینی و چیرۆکی پێغەمبەران، زیاتر سودی لە چیرۆکی پێغەمبەر یوسف بینیوەو (٤) جار وێنەی لێ دروستکردووە ، ئەمەش پەیوەندی بە کاریگەری ئەم چیرۆکەوە هەیە، چ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلای شاعیر و چ لەناو خەڵکدا بە گشتی؛ هۆکاری ئەمەش بوونی چەند ئاڕاستەیەکە لەناو چیرۆکی حەزرەتی یوسف دا، وەک عەشقی زوڵیخا و عەشقی یەعقووب بۆ یوسف،جگەلە بابەتی رق و کینەی براکانی یوسف.

## 4 : ئەنجام:

دەتوانین گرنترین ئەو ئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەستهاتوون؛ لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

١- جۆراوجۆری لە پێکهاتەی وێنەشیعرییەکانیدا دەبینرێت، ، کە ئەمەش شارەزایی و خەیاڵ قوڵیی (کوردی) دەسەلمێنێت.

٢- لە سەرچاوەی خودیدا ژمارەیەکی زۆر وێنەی نوێ و داهێنراوی هەیە، کە ئەزموونی تایبەتیی شاعیر پیشان دەدەن.

٣- بەکارهێنانی سەرچاوە بابەتییە زۆر و جۆراوجۆرەکانی بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعری، بەڵگەی ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی شاعیرن.

٤- جگە لەوەی سوودی لەسەرچاوەی ئاینی و ئەدەبیاتی دراوسێ وەرگرتووە، بە باشی ئاگاداری فۆلکلۆری کوردی بووە و لەناو وێنە شیعرییەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم : سەرچاوە کوردییەکان:

### آ- کتێب :

١- ئاسۆ،محەمەد سەعید نەجاری (٢٠٢٠)، دیوانی کوردی،سنە،دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی کوردستان.

٢- ابراهیم،شوکریە ڕەسوڵ(٢٠٠٥)، وەرزو ساڵنامەی میللی لەپەندو شیعری کوردیدا،هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

٣- بەرزنجی،سەعید محەمەد (٢٠٢١)، پێوەرەکانی ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا کرمانجی خواروو (١٩٩٠-١٩٧٠)، سلێمانی،چاپخانەی مهتاب.

٤- بەهرەوەر،قوباد (١٩٦٦)، خاک و پێشمەرگەو ژیان، هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٥- حەسەن،سەردار ئەحمەد (٢٠٠٤)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠-١٩٩١)، سلێمانی،دەزگای سەردەم.

٦- حەمەبۆر،محەمەد مستەفا (٢٠١٠)، دیوانی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر،بلاوکردنەوەی ئاراس .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٧- حەمەبۆر،محەمەد مستەفا (٢٠١٠)،دیوانی کوردی، بەرگی دووەم،هەولێر، بلاوکردنەوەی ئاراس.
٨- حسێن،جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)،ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، سلێمانی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٩- خاڵ،شێخ محەمەدی (٢٠٠٠)، پەندی پێشینان، چاپی سێیەم ،سلێمانی،بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم.
١٠- خانای قوبادی(١٩٧٥)، شیرین و خسرو، بەغدا،مطبعة المجمع العلمي الكردي.
١١- دزەیی،عەلی فەتاح (١٩٩٧)، مەم و زین، هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.
١٢- رەسول،عیزەدین مستەفا (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم،هەولێر،دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
١٣- عەزیز،ژوان عەبدولسەلام (٢٠١٨)، شێواز لەشیعرەکانی کامەران موکری لەژێر رۆشنای قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیۆشپیتزەر)دا،هەولێر،چاپخانەی رۆشنبیری .
١٤- قازی،قادر فەتاحی (٢٠٠٧)، گەنجینەی بەیتی کوردی، هەولێر،چاپخانەی ئاراس.
١٥- قەبانی،نزار (٢٠٠٠)، ، کۆمەڵە وتارێکە لە نووسینی نزار قەبانی،و: طه بابان،سلێمانی، چاپخانەی داناز.
١٦-کامەران موکری، محمەد ئەحمەد تەها(١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،بەرگی یەکەم،هەولێر،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
١٧- کەریم،فەرهاد قادر(٢٠١٢)، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا، هەولێر،چاپخانەی رۆژهەڵات.
١٨-هەورامانی،محەمەد ئەمین (١٩٨٥)، لەیلێ و مەجنوون، بەغدا،مطبوعات الامانة العامة للثقافه والشاب.

**ب - نامەی ئەکادیمی (ماستەر و دکتۆرا) :**

١٩- ئەحمەد،صافیە محەمەد (٢٠٠٩)، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحمود،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین،کۆلێژی پەروەردە.
٢٠- حەمە،هیتلەر ئەحمەد (٢٠٠٢)، وێنەی شیعری لای نالی،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب.
٢١- عیسا،هاوژین صلیوە (٢٠٠٨)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس دا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان.
٢٢- مستەفا،ئاسۆ عومەر(٢٠٠٧) ، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێردو شێخ نووری شێخ ساڵەح و گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە.
٢٣- نوری،مژدە ئیسماعیل (٢٠١٧)، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەی هێمن دا،نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان،کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**آ- کتێب :**

٢٤- قورئانی پیرۆز
٢٥- الصائغ ،یوسف(١٩٧٨) ، الشعر الحر في العراق، بغداد،مطبعة الاديب البغدادية.
٢٦- مراد،یوسف (١٩٤٨)، مبادئ علم النفس العام، القاهره،دار المعارف.
٢٧- هلال،محمد غنيمى (١٩٨٢)، النقد الادبى الحديث، بيروت،دار الصورة.
**ب- گۆڤار :**
٢٨- عبيد،محمد صابر (١٩٨٩)، انماط الصورة الفنية في شعر احمد عبدالمعطى الحجازى، مجله(الاقلام)، العدد(٩).

## The Structure of The Poetic Image In (Mustefa Beg Kurdi)’ Poetry

**Lana Radwan Abbas**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Lanaluna944@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Jabbar Ahmed Hussein**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
jabbar.hussein@su.edu.krd

***Keywords:*** *Mustefa Beg, Kurdy, Poetic Image, Image Structure, Image Source*

## Abstract
Mustafa Bey Kurdi, one of the founders of classical Kurdish poetry - the middle dialect, given that poetry is written on 3 foundations (poetic music, poetic language, and poetic image). The first is the nature and components of the image. Second, the identification of the sources that the poet benefits from in designing images is one of the most prominent results that we obtained through this research.

-----------------------------------------------------------

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنية الصورة الشعرية في شعر (مصطفى بگ الكوردي)


## ملخص

(مصطفى بک الكوردي) هو أحد مؤسسي الشعر الكلاسيكى الكوردي - اللهجة الوسطية- يؤسس النص الشعري على ثلاث قواعد الرئيسية: (الموسيقى الشعرية، اللغة الشعرية، والصورة الشعرية، ففي هذا البحث وعن طريق التحديد الصورة الشعرية في شعره، نعرض أحد جوانب قدرة وإبداع الشاعر.

من خلال تطبيق المنهج الوصفي والتحليلي والاحصائي، حيث تم البحث عن الصورة الشعرية في وجهين، أولها طبيعة ومكونات الصور، والثاني تحديد المصادر الذي استفاد منها الشاعر لتكوين صوره.

وأبرز النتائج التي تم الوصول إليها في هذا البحث، نجاح تجربة الشاعر في كلا وجهي الصورة الشعرية، سواء من جهة مكونات الصور أو من جهة تعدد مصادر الصور.